# زنجیرە ئەڵقەی هەلبژاردن - ئەڵقەی یەکەم ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

ئەوە بە حوکمی ئەوەی خەڵك لە دەسەڵات توورە بوو بۆیە بە کەمی بەشداری لە پڕۆسەی ڕیفراندۆم کرد لە 10/15 ی ئەمساڵ. کارەباو سووتەمەنی و گەندەڵی ئیداری سی گەورەترین بیانوو بوون بە دەمی هاولاتیانی سادەوە بۆ بەشداری نەکردنیان لەو پڕۆسەیەی سەرەوە، هەرچەندە بەڕای خۆم ئەوانە پەیوەست نین بەبەشداری نەکردن لە پڕۆسەیەك کە پەبوەندبێت بە چارەنووسی کورد لە عێراقەوە.

دەسەڵات هەندێك جار توند بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەشدارنەبوون لە پڕۆسەی ڕیفراندۆم بەبی گەڕانەوە بۆ ئەو هۆیەی کە وای لەو هاولاتیە کردووە کە بەشدارنەبێت لە ڕیفراندۆم.

فەتاح زاخۆیی یەکێك بوو لەوانە، چونکە بەشدارنەبوونی ئەو و هی تریش لەبەر ئەوە بووە کە نەیانویستووە کورد بەعێراق بلکێندرێت، ئەوەیان لە سۆنگەی دڵسۆزییەوە بووە بۆ کوردستان نەك ناپاکی لە ئینتمابوونی کوردی.

دوای ڕیفراندۆم، هەڵبژاردنی گشتی بەدواوە دێت لە 12/15 کە بەڕای دەسەڵاتی کوردی دەبێت خەڵك بە فرەیی بەشداربێت ( (بۆ ئەوەی کورسی زۆربێت لە پەرلەمانی عێراقی نەبادا لەسەر مێز بدۆڕێنێت) ).

یەکەم شۆك کە پارتی و یەکێتی تووشیان بوو، جیابوونەوەی ئیخوان موسلمین ( (ببورن یەکگرتوو) ) بوو لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی.

لە بەغدای عروبە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تیروپشکی کردو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ( (730) ) بەرکەوت، لە شانسی ئیتلافی سیستانیش ژمارەیەکی جوانیان بەرکەوت کە ( (555) ) بوو، ئێستا ئەگەر لە هەولێر ئەو ژمارەیەی شیعە ژمارەی ماشێنیك بووایە پارەی زیاتری دەکرد لەهەمان ماشێن ئەگەر ژمارەکەی وانەبووایە.

هەڵبژاردن خۆی پڕۆسەیەکی دیموکراسییە خۆئەگەر کەم و کوڕیشی هەبێت، سەیر لەوەدایە خەڵکانێك دەیانەوێت پڕۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی لە عێراق و کوردستان وەکو ئەوانەی ئەورووپاو ئەمەریکا بێت، بەراورد کردن خۆی لەخۆیدا بەهەڵەداچوون و تێنەگەیشتنی هەزم کراوە بۆ هاوکێشەکە.

لیستی 730 کە لیستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوو، گەرەکی بوو زۆرترین دەنگ لە خۆی کۆبکاتەوە تا زۆرترین کاندید بخاتە پەرلەمانی کوردستان.

هەڵمەتی هەڵبژاردن لە سەرانسەری عێراق دەستی پێکرد.

یەکەم هەڵمەتیش سەفەرەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بۆ ئەمەریکاو ئەوروپا....

( (ئەگەر پەلەتان نەبێت بە ئەڵقە تەواوی دەکەم) )